# ئایین و ئەنترۆپۆلۆژیا

## سێکیولاریزم و کایەی گشتی

گفتوگۆ لەگەڵ تەلال ئەسەد

**لە ئینگلیزییەوە: بڕوا عەلادین**



٢٤ی تشرینی یەکەم، ٢٠٢١   هزر

تەلال ئەسەد تیۆریستێکی ئەنترۆپۆلۆژییە و بەشداری گرنگ و بەرچاوی هەیە لەو توێژینەوانەدا کە تایبەتن بە قۆناغی پۆست-کۆلۆنیالیزم. لەنێو زاناکاندا پتر لەژێر کاریگەری کارەکانی کەسانی وەک میشێل فوکۆ و بیریاری ئەمریکایی ئێدوارد سەعیدە. دەقی ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە زانکۆی چیستەر لەگەڵیدا سازی کردووە و هەر لە ماڵپەڕی زانکۆکەیش بڵاو کراوەتەوە:

- ســـــەرەتا دەمانەوێت بزانین کە چۆن دەڕوانیتە ئەو گفتوگۆیەی کە لە ئێستادا، لەنێوان ئایین و کایەی گشتیدا لەئارادایە؟

**تەلال ئەســـــەد:** لە ڕاســـــتیدا زۆر بەوردی بەدواداچوونم بۆ ئەو گفتوگۆ ئەکادیمیانە نەکردووە کە تایبەتن بەم بەریەککەوتنەی نێوان ئایین و کایەی گشــتی. بەڵام دەتوانم بڵێم قســەکردن (نەوەک ئارگیومێنت) لەســەر ئەو ڕووداوە ترســــناکانەی کە لە پاریس ڕوویانداپەیوەندییان بە پرســــیارەکەی تۆوە هەیە و منیش بەســــروشــــتی خۆم بایەخی پێدەدەم. ئاگادارم کە کەســانێک هەن دەخوازن بە شــێوەیەکی زۆر کراوەتر بیر لە ئایین و پەیوەندییە شیاوەکانی بە سیاسـەت و سیاسـەتی کۆمەڵایەتییەوە بکرێتــەوە. زۆر جـاریش لێیـان پرســـیوم: چۆن دەتوانرێـت ئـەمـە بـە ئەنترۆپۆلۆژیاوە ببەســترێتەوە؟ ڕەنگە یەکێک لەو شــتانەی کە زۆر کەس غافڵگیرانە ئاگاداری نەبن ئەوە بێت کە ئەنترۆپۆلۆژیا ئەو کاتە زیاتر گـەشـــــەی کرد و پڕ بـەرهـەمتر بوو کـە توانی لـە دەرەوەی کـایـە و پســــپۆڕییەکانی خۆی ببێتە خاوەنی ئایدیا و میتۆد و پرســــیاری تازە. من دڵنیام کە تۆ کەســــێکیت زۆر باش ئاگاداری مێژوویت. لە ســــەدەی نۆزدەیەمدا یەکێک لە گرنگترین بیریارەکانی تایبەت بە ئایین (ڕۆبەرتســۆن سمیس) کە پاشتر بە تیۆرەی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ ئایین ناو دەبرا، دیدێکی بە ڕاســـــتی تەواو ئایینیانەی هێنا بۆ ناو کایەی ئەنترۆپۆلۆژیا. دەتوانین بەو پڕۆژەیەی ســــمیس بڵێین کە جۆرێکە لە دزەکردنی ئەنترۆپۆلۆژیا بۆ ناو لاهوت. پاشــان مارکســیزم و فێمینیزم و بونیادگەریی (لیڤی شــتراوس بە تایبەتی) و هتد، دەرکەوتن. ئەو لە گرنگترینی ئەو ئەنترۆپۆلۆژیســـتانە بوو کە یان پشـــــتگیریی ئایدیایەک دەکەن، یان جگە لە ئەنترۆپۆلۆژیا تێڕوانینی کایە پســــپۆڕییەکانی تریان قبوڵ بێت. خۆی ڕاســــتییەکەیش ئەوەبوو کە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی پێیان وایە کە کاری مەیدانی و کێڵگەئاســــایی (تێبینیی بەشـــدارکەرانە) زۆر زۆر گرنگە تا وامان لێ بکات زۆر بەوردی بڕوانینە ئەو شـــتانەی کە تایبەتی و تایبەتمەندن، ئەمە جگە لە کرانەوە بەســـــەر ئەو شـــتەدا کە بەرجەســـتە دەبێت وەک ڕەگەزێکی بایەخدار لە ڕەوتی مێژوودا. مەبەســـتمە بڵێم کە مرۆڤ نابێت کاتێک کە دەچێتە کێڵگەیەکەوە خۆی بەو پرسیارانە بارگاوی کردبێت کە پێشـوەخت فۆرمەلە و دروست بوون، بەڵکوو دەبێت هان بدرێت گوێ لەو ئاخاوتن و قسەکردنە بگرێت کە خەڵکی و شوێن لەگەڵ یەکتریدا دەیکەن. ئا بەو شێوەیە، هەست

دەکەم کە بەشێک لەو کێشە و مەسەلانەی کە لەهەموو مەسەلەکانی تر جێی گرنگی پێدان بوون و لە ئەنترۆپۆلۆژیای ئاییندا پەرەیان سەند، ئەوکاتە دەرکەوتن کە ئارەزوویەک هەبوو بۆ گەڕان لەدووی پرسیاری نوێ و باوەڕنەبوون بە گریمانەکانی پێشتر. بە ڕای من بایەخدانیشم بە سێکیولاریزم و ئایین بەشێکە لەم ڕاستییە، ڕاستی ئەوەی کە سێکیولاریزم وەک دۆگم و باوەڕێکی سیاسی پشت بە سیما و ڕووکەشێکی سێکیولارانە دەبەستێت: واتە کۆی هەستیارییەکان و ئەو هەڵوێست و گریمانانەی کە پێشتر لێیان نەکۆڵراوەتەوە، سەرباری هەندێک شتی تریش.

- باوەڕم وایە کە بە ئێستایشەوە، یەکێک لە ڕێچکەکانی قسەکردن دەربارەی ئەم بابەتە و وروژاندنی بریتییە لە وروژاندنی جۆرێک لە پرسیار کە پێمان وایە دەبێت ئاڕاستەی ئایین بکرێن. ڕەنگە ئەوە زیاتر بەسترابێتیشەوە بەو ڕووداوانەوە کە لە پاریس ڕوویاندا، پرسیارەی لەوەی کە داخۆ ئەو تیرۆرە پەیوەندیی بە ئایینەوە هەیە یان نا.

**تەڵال ئەسەد:** ئەوەی کە لە پاریس ڕوویدا، منی تەواو نیگەران کرد و زۆریش کاری تێ کردم، بە چەشنێک دۆشدامابووم کە هیچ سەرم لەو کاردانەوانە نەسوڕما کە بەدوای خۆیدا هێنای. گریمانەیەکی زۆر باو هەیە کە پێی وایە ئەوەی کە لە ئێستادا لە هەموو شتێک گرنگترە ڕیفۆرمکردنی ترادیسیۆنی ئیسلامییە تا لەو ڕێگەیەوە ئاسانکاری و زەمینەسازی بۆ ڕەتکردنەوە و بەرنگاربوونەوەی جیهادیزم بکرێت. زۆر لەوانەیشی کە بایەخ بە بواری ئایین و توندوتیژی دەدەن (واتە ئایین لە کایەی گشتیدا)، ئەم مەسەلەیە بە پرسێکی چارەنووسساز دەبینن. دیارە هەمان ئەم بۆچوونە لە لایەن بڕێکی زۆر لە موسوڵمانانیشەوە کۆپی دەکرێت و وێنەی لەبەر دەگیرێتەوە. دەزانیت چی؟ یەکێک لە ترسەکانی من دروستبوونی ئەو ئارەزووە بوو کە دەخوازێت لە ئەنترۆپۆلۆژیادا پێناسەیەکی گەردوونییانە بۆ ئایین بەرهەم بهێنێت، هەروەها ڕوانین لەو شێوازەی کە زمانی ئایینی (بە ئایین خۆیشیەوە) لە دۆخە جیاوازەکاندا و بۆ مەبەستی جیاواز پێ بەکار دەبرێت، جا ئەو دۆخانە سیاسی بن یا ڕۆحی یان هەر شتێکی تر. هەر بۆیە من لەو گریمانەیە تێناگەم کە دەڵێت: ئێمە زۆرباش دەزانین کە لە ترادیسیۆنی ئایینێکی دیاریکراودا هەڵەکان کامانەن و دەبێت

سەرەتا لە لایەن خودی باوەڕدارانی ئەو ئایینەوە چاک بکرێنەوە. من کۆکم لەگەڵ ئەوەی کە لەناو هەر ترادیسیۆنێکی جێگیری ئایینیدا بەردەوام پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی داهێنەرانە هەیە تاوەکو بتوانین لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بیگونجێنین، بەڵام باوەڕم وا نییە کە ئەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی پاریسەوە یان ئەو دڕندەییەوە هەبێت کە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجامیان دەدات. من پێم وایە سەرلێتێکچوون و جۆرێکە لە خۆشباوەڕی کە پێت وا بێت ڕیفۆرمکردنی لاهوتیانەی ئایینێک کە لانیکەم گەر وەک ناویش بێت، ملیارێک کەس باوەڕداریەتی، بتوانێت خواست و ویستی ئەو گەنجانە بوەستێنێت کە دەیانەوێت کوشتار بکەن. بەلای منەوە ئەمە هەر زۆر شتێکی بێمانایە. پاشان خۆت دەزانیت کە لێرەولەوێ لە خەڵک دەبیستین کە دەڵێن (لەناو ئاییندا توندوتیژی جێی نابێتەوە). بەڵام با بزانین ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟ توندوتیژی خۆی بەشێک بووە لە ئایین، وەک چۆن لە سەردەمانێکی کۆنەوە بەشێکیس بووە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ. مرۆڤ بۆی نییە و ناتوانێت خێرا و بەپەلە ئەوەمان بەسەردا بسەپێنێت کە کرۆکی توندوتیژی لە ئاییندا خۆی نمایش دەکات یان نایکات. سەبارەت بەو ڕەشەکوژییەیشەوە کە لە پاریس ڕوویدا، خەڵکی پێویستیان بەوەیە لە خۆیان بپرسن کە بۆچی لە ئێستادا ئەو چەشنە ڕەفتارە بڵاو دەبێتەوە، لە کاتێکدا نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ بەسەر نەریتە ئیسلامیەکاندا تێپەڕیوە و چەندین ڕیفۆرم و پارچەپارچە بوون و تێهەڵچوونەوە و زۆر جاریش کشانەوە لە کایەی گشتی (دیارە دەزانم کە لێرەدا چەمکی کایەی گشتی بە شێوەیەکی نارێک بەکار دەهێنم) ڕوویانداوە، کەچی ئەم دیاردە جیهادییە مۆدێرنە شتێکی تازەیە، بۆ؟ ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە چەندین شێوە لە توندوتیژی هەن و یەکتری بەهێز و بەخێو دەکەن، وەک چۆن گفتوگۆیەکی زۆریش هەیە دەربارەی ئەوەی کە لە کایەی گشتیدا چی ڕێپێدراوە و چی قەدەغەکراو.

– ئایا لە سەدەی بیستویەکدا پەیوەندییەکی تایبەت هەیە کە لەنێوان ئایین و کایەی گشتیدا گەشە بکات کە ئێمە لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا ئاگاداری نەبووبین یا خەیاڵمان بۆی نەچووبێت، پەیوەندییەک کە بە ڕای من یەکێک لە شێوەکانی دەربڕینەکان لێی بریتییە لە چەمکی ((پۆست سێکیولار))؟ ئێمە بە شێوەیەک لە شێوەکان چووینەتە قۆناغی پۆست

ســـــێکیولاریزمەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە کەســـــانی وەک یورگن هابەرماس بەکاری دەهێنن و گەشـــــەی پێ دەدەن. لەبەر ئەوەی کە لە ئێستایشدا ئەم چەمکە زۆر بەربڵاوە، دەپرسم کە ئایا بە ڕای تۆ چەمکی پۆست سێکیولاریزم شتێکی باشە بۆ باسکردن و شیکارکردنی ئەو پەیوەندییەی کە لە ئێستادا لەنێوان ئایین و کایەی گشتیدا هەیە؟

**تەلال ئەسەد:** بەڵێ و نەخێریش. مەبەستم لەوەیە کە هەتا ئەو ڕادەیەی کە ئەم چەمکە گومان لە گریمانە پێشوەختەکان بکات، شتێکی باشە. بێگومان شتێکی سەرسوڕهێنەر و مژدەبەخشانەیشە کە کەسێکی وەک هابەرماس دەبینیت چەندین ساڵە قسە لەسەر ئەم بیرۆکەیە دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە هەندێک ڕێچکە بدۆزێتەوە کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە قبوڵی ئەو شتە بکرێت کە کایەی گشتی وەک ئایینی بیری لێ دەکاتەوە و ناوی دەنێت. بە بڕوای من ئەمە شتێکی باشە، بەڵام پێویستمان بەوەیە کە ڕەخنەییانە بیر لە خودی چەمکی سێکیولاریزم بکەینەوە و پێمان وا نەبێت کە بۆ هەتاهەتایە دەستنیشان و دیاریکراوە و بڕاوەتەوە. ئەو کاتەی کە دەتوانین بڵێین دەزانین واتای سێکیولاریزم چییە و چی بووە، دەزانین کاریگەری و ئەو گریمانانە چین کە ئاماژەیان بۆ دەکات، ئەو کات دەتوانین بڵێین لە دۆخێکداین کە دەکرێت بە هەڵوێستێکی پۆست سێکیولار ناوی ببەین. من لەوە دڵنیا نیم کە ئەم کارە بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجام درابێت، ئەمە جگە لەوەی کە توێژینەوەیەکی میتۆدییانەیشمان کردووە سەبارەت بە نیشتەجێبوون یا کەوتنەناو (کایەی گشتی)یەوە، دەربارەی ئەوەی کە بۆچی مرۆڤ هەست بە پەشۆکان و دڵەڕاوکێ دەکات کاتێک هەست دەکات کەسێکی جیاوازتر لە خۆی لەناویدا نیشتەجێیە. بە ڕای من وروژاندنی هەندێک پرسیار هەمیشە دەبنە مایەی ئەوەی کە گومانی ئاکارییانەت لێ بکرێت. کە من بیر لەوە دەکەمەوە بەپێی پرەنسیپەکانی لیبرالیزم ڕەخنە بکەم و پرسیار بوروژێنم، ئایا ئەمە مانای وا نییە کە دەبێت مرۆڤ ئازادانە قسە بکات، سەربەستانە ڕەخنە لە ئایدیا گشتییەکان بگرێت و بە دەنگی بەرز بڵێت کە هیچ پرسیارێک نییە تابو یا یاساغ بێت؟ بۆ نموونە مەبەست لەوە چییە کە کاتێک هابەرماس دەڵێت ئایین ڕۆڵێکی شەرعی لە کایەی گشتیی مۆدێرندا دەگێڕێت، بەڵام بەو مەرجەی کە باوەڕداران بتوانن بیروبۆچوونەکانیان وەربگێڕن بۆ زمانێکی ڕوون و بێ گرێوگۆڵ تا ئەوانەی کە بڕوادار نین، لێی تێبگەن؟ ڕەنگە ئەمە شتێکی ڕاشناڵ و ماقوڵ بێت، بەڵام ئایا تەنها لەبەر ئەوەی ماقوڵ بوون ئەو شتەیە کە

سـیكیولارەكان بە ماقوڵی دەزانن، لە كاتێكدا ئەوانەی بڕوادار نین هیچ گرنگ نییە كە بەلایانەوە ماقوڵە یا قسـەی پووچ و بێبنەما؟ ئەی ئایا پێویسـتە ئەوانەیشـی كە بڕوایان بە ئایین نییە، بۆچوون و ئایدیاكانیان وەربگێڕن بۆ زمانێك كە باوەڕداران لە كایەی گشـتیدا لێی تێبگەن؟ ئەی چی ڕوودەدات كاتێك باوەڕدارەكان هەست بكەن ئایدیاكانیان شێوێندراوە یا ناكرێت بە زمانێكی سـێكیولارانە، بەباشـی و گونجاوی گوزارشـتیان لێ بكرێت؟ ئایا لە دۆخگەلێكی لەم چەشنانەدا هەر دوو زمانی ئایینی و زمانی سـێكیولار یەك دەرفەت و مافی یەكسـانیان هەیە بۆ گەیشـتن بە كایەی گشتی؟ بە بڕوای من بەر لەوەی باس لەوە بكەین كە پۆست سێكیولاریزم باشـە یا نا، چەندەها پرسـیاری دیكە هەن كە دەبێت دەربارەی ئایین و ڕۆڵـی لـە كـایـەی گشـتـیـدا بوروژێنرێن.

- زۆر نەرمونیان فشـارت بۆ دەهێنم و دەپرسـم: بە ڕای تۆ دەبێت لە ئێسـتادا چ پرسـیارێك لە ئایین بكەین، ئەی چ پرسـیارێك نەكەین؟

**تەلال ئەسـەد:** من تۆزێك ڕەوتی دیالۆگەكە دەگۆڕم و دەڵێم: دەتوانین بڕوانینە ئەو شێوازەی كە زمانی پێ بەكار دەهێنرێت، سەیری ئەو گوزارە و دەستەواژە بەكاربراوانە بكەین كە مرۆڤ بۆ دەستنیشانكردنی ئەوەی كە ئایینی یا ئایینی نییە، بەكاریان دەبات. خۆی ئەمە سـەرچاوەی دڵەڕاوكێی ئەنترۆپۆلۆژیایە لەو ڕووەوە كە تایبەتە بە ئایین. بە ڕای من تا ئێستا ئێمە هیچی وامان دەربارەی زمانی ئایینی نەكردووە، دیارە مەبەستم لەو زمانە بەكارهێنراوەیشە كە تەنانەت لە هۆشیاریی چالاكییە ئایینیەكانیشدا بەكار دێت. من زۆر سـەرسـام بووم بە كەسـێكی وەك 'وێلفرد كانتوڵ سـمس' (چەند سـاڵێك لەمەوبەریش وتارێكم لەسـەری نووسـیوە و دەتوانیت بیخوێنیتەوە). لەو كۆتاییانەدا جارێكی تر بیرم لێكردەوە. وێلفرد ئاگاداری ئەوە بوو كە مرۆڤ ئایین بە گەردوون و بە شـت دەكات، بەو مانایەی كە دەیكات بە كرۆك و سـیفەتەكانی كرۆك و جەوهەریان پێدەبەخشـێت. بە ڕای من ئەمە زۆر گرنگە. من دەخوازم نەك بە تەنها لە بەشـتبوونی ئایین بكۆڵینەوە، بەڵكوو لەوەی كە چۆن دەكرێت ئەو زمانە بگۆڕین كە بەكاری

دەهێنین، چۆن ئەو ڕێچکەیە بگۆڕین کە بە هۆیەوە بیر لەو شتە دەکەینەوە و پراکتیکی دەکەین کە پێی دەڵێین ئایین.

– بە بڕوای من ئەمە زۆر زۆر گرنگە. ئێمە باسمان لە سەرلەنوێ خەیاڵاندنەوەی ئایین و دۆگم لە سیاسەت و پراکسیسی گشتیدا کرد. ئاشکرایشە کە سیاسەتی گشتی یەکێکە لە کایەکانی ئەو توێژینەوە و بەشداریکردنەی کە ئایین دەکات بەشت و دەیکرۆکێنێت. ئەو دەخوازێت هەموو شتێک بکرۆکێنێت و بەشت بکات چونکە پێویستی بە وەڵامی سادە و ساکارە بۆ کۆمەڵێک گرفتی زۆر ئاڵۆز. خۆی یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم پرۆژەیەیش بریتییە لە نیشاندان و پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی زۆر وردتر بۆ ئایین لە سەدەی بیستویەکدا، هەروەها بۆ خەڵکانێکیش کە کارە سەرەکییەکەیان بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاییندا بە شێوەیەکی دیموکراتی لیبراڵییانە. هەر بۆیە دەپرسم کە ئایا بە ڕای تۆ لە دە ساڵی ئاییندەدا ڕەوتی ئەم گفتوگۆیانە بەچی دەگات؟ هەستی تۆ بەرامبەر بە دەرەنجامەکانی ئەم گفتوگۆیانە چییە؟

**تەلال ئەسەد:** باشە. جارێ با سەرەتا ئەوە بزانین کە هیوا بۆ ڕوودانی شتێک تەواو جیاوازە لەوەی کە بزانیت لە ئاییندەدا چی ڕوودەدات. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر بەتایبەتی مرۆ هیوای بۆ بخوازێت بریتییە لە بیرکردنەوە لە ئەو ترادیسیۆنە ئایینیە جیاوازانەی کە جیهانی مۆدێرنیان دروست کردووە، هاوکات ئەو ترادیسیۆنانەیشی کە جیهانی مۆدێرن قەدەغە و تابویان کردووە. ئەمە دەتوانین هەندێک شێواز بدۆزینەوە کە بە هۆیانەوە بڵێین ئەم چەشنە ترادیسیۆنانە لۆژیکین و دەکرێت لەگەڵیاندا هەڵ بکەین، دیارە مەبەستم لەوە نییە کە بڵێم بێخەم لەگەڵیاندا بژین، بەڵکوو مەبەستم لەوەیە کە دەتوانین لە بەربەرەکانێدا بین لەگەڵ یەکتری، بەبێ توندوتیژی، توندوتیژی دەوڵەت، ئەمە سەرباری توندوتیژی تاکەکەس و گرووپە چەتەکان وەک ئەوەی کە لەمڕۆدا دەیانبینین. دیارە من نازانم ئەمە ڕوودەدات یان نا. ئێمە ڕۆژانە زۆر لەبارەی کەمینەی ئایینییەوە دەبیستین، جا لەسەر ئاستی سیاسەتی کردەگی و پراکتیکیانە بێت (بۆ نمونە ئەوەی کە موسوڵمانەکان چۆن دەتوانن لە ئەمریکا و ئەوروپا واز لە توندڕەوی بهێنن؟)، هەروەها گوتاری تیۆرییش (چۆن لە دەوڵەتێکی دیموکراسی لیبراڵدا کەمینەیەکی ئایینی دەتوانێت بێتە ناو کایەی

گشتییەوە؟). بێ دوودڵی، ئەمە ڕووبەرێکە کە دەبێت لێی ڕابمێنین و تیایدا پرسیار بکەین، هەموو ئومێدیشمان وروژاندنی ئەو پرسیارانەیە. دەربارەی ئەوەیشی کە ئەم مشتومڕ و گفتوگۆیانە بە چی دەگەن، گەر ڕژدانە و بەجیدی وەرگیران، کارە سەرەکییەکەیان بریتییە لە پرسیارگەلێکی کرۆکئاسا و جەوهەری دەربارەی دەوڵەتی مۆدێرنی خاوەن سەروەری کە تەواو بێدەسەڵاتە و لەسەر ئاستی بونیادی، کەمتوانایە لەوەی کە یەکسانانە مامەڵە لەگەڵ کەمینەی ئایینی یا هەر جۆرە کەمینەیەکی تردا بکات. دیارە گفتوگۆ زۆرن دەربارەی کۆتاییەکانی دەوڵەتی خاوەن سەروەریی، بەڵام بە ڕای من ئەمە تا ڕادەیەک مایەی پەشۆکان و دڵەڕاوکێیە: چونکە دەوڵەتە بەهێزەکان سوور دەبن لەسەر سەروەریی خۆیان، لە کاتێکدا دەوڵەتە لاوازەکان ناتوانن ئەمە بکەن. بزووتنەوە ئابوورییە ڕاستەقینەکان سنوورە نیشتمانییەکان تێدەپەڕێنن، بەڵام ئەوەی کە دەیانبزونت ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت: ڕەنگە لە وڵاتێکدا قازانجی زیاتریان دەست بکەوێت بەراورد بە وڵاتێکی تر. بیرمان نەچێت کە ئایین ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی بینیوە لە بونیادنانی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی مۆدێرندا، لە هەریەکە لە ئەوروپا و ئەمریکایشدا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئایین دەتوانێت ئەو گرفتانە تێبپەڕێنێت کە زادە و هەڵقوڵاوی دەوڵەتی ناسیۆنالیستین؟ ئێمە دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە کە بە هۆیەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وامان لێبکات ڕووبەڕووی هەموو ئەو کێشانە ببینەوە کە لە ئێستادا هەمووان دەرکی پێدەکەن. من خۆم ڕەشبینم بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانە، جا مەسەلەکە گۆڕانی کەشوهەوا بێت، کەڵەکەبوونی چەکی ئەتۆمی و وزەی ئەتۆمی بێت، سیستمی دارایی و سامانی جیهانی بێت کە چیتر کۆنترۆڵ ناکرێت یا زیادبوونی هەژاری و چەوساندنەوەو توندوتیژی. ئایا ترادیسیۆنە ئایینییەکان و ئەو زمانەی کە خەڵکانێکی جیاواز بە شێوازی جیاواز لەو میرات و ترادیسیۆنە بۆیان ماوەتەوە، دەتوانن بە شێوەیەکی ڕۆشنگەرانە کۆمەکمان بکەن تا بتوانین ئەو ناکۆکیانە چارەسەر بکەین و یەکتری قبوڵ بکەین؟ هەر بۆیە وەک وتم، من نازانم کە ئاڕاستەی ئەو گفتوگۆیانە بەرەو چی و کوێ دەچن، بەڵام ئومێدەوارم هەڵگری پرسیارگەلێک بن دەربارەی هەردوو سێکیولار و ئایینییش، پێکەوە.

– هیچ بۆچوونێکت هەیە دەربارەی ئەوەی کە بەربەستە سەرەکییەکانی ناو ئەوم گفتوگۆیانەی ئێستا چین و چ شتێک پێویستی بە گۆڕانکارییە؟

**تەلاڵ ئەسەد:** جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئێمە پێویستمان بە گۆڕینی هەڵوێستەکانە، هەم هەڵوێستی قوربانییەکان و هەم هەڵوێستی تاوانبارەکانیش، بە گەورە و بچووکیانەوە، هەروەها گۆڕینی ئەو هەستەی کە گوایە ئێمە خاوەن وەڵامی ڕەهاین. ئێمە دەزانین کە پێویستە چی بکەین، دەیشزانین کە جۆرێک لە پێکەوە گونجان و یەکالاکردنەوەی ناکۆکییەکانمان دەوێت، بەڵام چۆن بەوە بگەین؟ بەڵام ئەوەی کە لێرەدا شکستمان پێدەهێنێت کارکردنە کردەگییەکانە لەسەر زەمینەی واقیع.

– دەستەواژەیەک هەیە کە خەڵکی زیاتر هۆشیارن پێی، ئەویش ئەوەیە کە ئایدیای ڕۆشنگەریەکی نوێ وا دەکات کەمتر بڕوا بە خودا بکرێت لەنێوان قوربانییەکی فووتێکراو و نێوانی بیرۆکەیەکی ناقۆڵای فووتێکراویشدا کە تیایدا ئەپیستیمە تایبەتەکان بە ئێمە، باڵاترن لە ئەپیستیمەکانی هەر کەسێکی تر. هەر بۆیە ڕام وایە کە ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوە و پاراستنی ڕەگەزە پێشکەوتنخوازەکانی ڕۆشنگەری، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە لەسەر ئاستی واقیع بریتییە لەسەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەوەی کە چۆن لەو ئاست و چەشنە جیاوازانەی زانین تێبگەین و پێگەیەکی یەکسانیان پێ ببەخشین لەجیاتی ئەوەی بایەخ بە یەکێکیان بدەین و ئەوی تریان فەرامۆش بکەین. دەپرسم کە ئایا شتێک هەیە حەز بکەیت لەم بارەیەوە زیادی بکەیت، شتێک کە هەست بکەیت تا ئێستا هەلت بۆ نەڕەخساوە بیڵێیت؟

**تەلاڵ ئەسەد:** زۆر بەسانایی دەمەوێت دیسان باسی ئەو ئارگیومێنتانە بکەمەوە کە زۆر بەتایبەتی، فوکۆ باسیان دەکات. زۆر لەو شتانەی کە فوکۆ باسیان دەکات بەو مانایە دێن کە گرنگ دۆزینەوەی ڕێگەی جیاوازە لە پرۆژەی ئازادیدا. دیارە ئەمە هەروا مەسەلەیەکی ئاسان نییە، چونکە بەلای فوکۆوە ڕۆشنگەری گرنگ بوو، بەڵام پێیشی وا بوو کە دەبێت وریابین لەو شتەی کە ناوی داڕنکردن و ڕووتاندنەوەی ڕۆشنگەرییە. هەر بۆیە بۆ ئێمە زۆر گرنگ دەبێت بیر لەو ڕێگە جیاوازانە بکەینەوە کە دەشیا ڕۆشنگەری بیانگرێتەبەر. چونکە بەتەنیا ئەوە بەس نییە کە بیر لەو شێوە

جیاوازانەی ڕۆشـــنگەری بکەینەوە(ســـێکیولار و ئایینی) کە لە ئەورووپا و ئەمریکا ڕوویاندا. دەشـــێت مرۆڤ قبوڵیان بکات یا ڕەخنەییانە بیریان لێبکاتەوە. بەڕاســـتی نازانم، زۆر ڕەشـــبینم بەرامبەر بە چارەنووســـی هەموومان. من هەســت دەکەم لە دۆخێکی چەقبەســتەدا دەژین کە زۆر لە خەڵکی نازانن هەڵەی ئەو تەڵەزگەیە چییە کە تیایداین، بەڵام مەحاڵیشـــە ببینین کە مرۆ چۆن لێی دەربازی دەبێت. ئا لێرەوەیە کە من باوەڕم وایە کە ســـەرباری بیرکردنەوە و ئاخاوتن و نووســـین لەبارەی ئایین و سیاسـەتەوە، دەربارەی ئایین و کایەی گشـتی، دەبێت بیر لە پیادەکردن و پراکسـیسـەکانیش بکەینەوە. ئێمە بیر لەو شـتە دەکەینەوە کە پێی دەوترێت ((توانای باوەڕپێهێنان)): توانای باوەڕهێنان بە ڕاســـتیەک لەو کاتەدا کە دەرکی پێ دەکەین. ئێ ئەمەیش خۆی چەق و ســەنتەری ئەزموونی ئایینی، گۆڕانی ئایینی و تەنانەت سیاسـەتی چالاک و کارایشـە. ئا لێرەیشـەوەیە کە ئەم پرســـیارە خۆی قووت دەکاتەوە: چۆن ڕەفتار بکەین تاوەکو بەرەو پێشـــەوە بچین بەبێ ئەوەی خۆمان و ڕەگەزەکانی تریش وێران بکەین؟ چۆن وا بکەین؟

- پێم وایە تاکە ئومێدمان ئەوەیە کە من باوەڕم وایە ســەدەی بیســتویەک تەواو جیاوازترە لەو وێنەیەی کە لێی چاوەڕوان دەکرا. دانپیانانێکی زۆر هەیە بەوەی کە ئێمە خاوەن ئەو تفاق و ئامرازە کۆنســـێپتواڵە نین کە بەشێکی زۆریمان لەهەر دوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمەوە بۆ ماوەتەوە. چیدی ئەو ئامرازانەوەک چەمک بە کەڵکی ئامانجەکەی ئێمە نایەن کە هەوڵدانە بۆ شیکارکردنی گەڕانەوەی ئەو شتەی کە پیتەبێرگە ناوی دەنێت (ئایینی تووڕە) و هەموو ئەو گریمانانەیشـی کە لە سـەردەمی ڕۆشـنگەریدا تاقیکرانەوە. بەڵام لەوانەیش گرنگتر بریتییە لەو شـتەی کە تۆ باسـت کرد، ئەوەی کە چۆن ڕەفتار بکەین تاوەکو نەهێڵین خۆمان وێران بکەین؟ ڕەنگە وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە زیاتر لە ڕێککردنەوە و خستنە بەرباسیاندا بێت نەوەک بیرکردنەوە لێیان، وەکچۆن دەشـێت ڕەنگدانەوەیەکی ئەپسـتیمییش بێت لە ســـەرەتادا، بەڵام کۆدەنگییە تازە کە پەیوەســـتە بەوەی کە: ئێمە نازانین وەڵامـەکان چین، بـەڵام بـەر لـەهـەر شـــتێک ئـەرکێکی ئاکاریمـان لەســـەرە کە زانســـتییانە(هاوکات ئەزموونگەرانە) بین و بزانین ئەوەی کە دەیکەین چییە. من وای دەبینم زۆربەی خەڵکی پێیان وا بێت کە کارێکی وا پێویستی بەخۆ بەتاڵکردنەوەیە لەو ئایدیۆلۆژی و چەمکانەی کە سنوورمان

بۆ دادەنێن و هاوکاتیش متمانەی کارکردنمان شـــانبەشـــانی ئەوانی تر، پێ دەبەخشن. هەر بۆیە بە ڕای من بزووتنەوەیەکی دژ هەیە وەک بیرکردنەوە و سـیاسـەت، بە تێکشـکاندنی هەموو ئەو قەوارە چەقبەسـتووانەی زانینیش کە تا ئێســـتا هەمانن، دەتوانین ئاســـۆ و ڕووبەری نوێ بدۆزینەوە تا ڕێخۆشـکەر بێت بۆ ئەوەی هەر یەکەمان بەپێی شـێوازی خۆی کار بکات. بـەڵام گومـانی تێدا نییـە کـە ئـەمـە کـار و ئـەرکێکی زۆر ســـــەختـە و دژوار.

**تەڵال ئەســـــەد:** وەک خۆت دەڵێیت، بە ڕێگەی جیاواز، چونکە وەک خۆت دەزانیـت بـەدرێژایی چـەنـدین ســــەدە ئـەم گـەمـەیـەهـەبووە: گـەمـەی ڕووبەڕووبوونەوە و توندوتیژی، ئێ ئێستایش هەر وەکو خۆیەتی.

- هـەر بۆیـە دەکرێت بڵێین کە لـەنـاو خودی مرۆڤدا شـــتێکی نـادیـار و میتـافیزیکی لـە فۆرمی پـەتـایـەکدا هـەیـە کـە وایـان لێ دەکـات هـەرگیز لـە مێژووەوە فێر نەبن.

**تەڵال ئەســـــەد:** ژنەکەم دەڵێت: مرۆڤەکان هـەڵـەیـەکی گـەشـــــەکردن و پەرەسەندنن!

**سەرچاوە:**

http://www.chester.ac.uk/cfpp/research/staff/prof-t-asad?fbclid=IwAR0P539ttN8dJmID1dhVXBAMsou9LG7QMKYyyeZh6OMYSz8SS1uFt1bxv2M